گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٦٣ – ٢٠٢٥ ISSN: 2520-4106

# کۆتایی هێز لەنێوان هزری ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللیدا

## توێژینەوەیەکە لە بواری فەلسەفەی مێژوودا

سامان عوسمان عالی
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
Saman.alee@soran.edu.iq

فەرهەنگ نووری مەحموود
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
farhang.mahmood@soran.edu.iq

سەهەند عەبدولستار موستەفا
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی ئاداب
sahand.mustafa@soran.edu.iq

**پوختە:**

کۆتایی هێز وەک بابەتێکی زیندوو لای فەیلەسووفانی ئەم بوارە لەنێوان شارستانییەتە جیاوازەکاندا گرنگی پێ دراوە، چونکە بابەتێکی فەلسەفەی مێژووە، ئەمەش لە بیری قووڵ و تێڕامانی مێژوویی و لەسەر بنەمای گەشەی ئەزموونی و ئەقڵی مرۆڤ گەشەی کردووە. ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللی، دوو هزرمەندی قۆناغی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای سەردەمی نوێن و بۆچوونەکانیان جێگەی تێڕامانن دەربارەی زانستی مێژوو و ئەو پرسانەی تایبەتن بەهێز و کۆتاییەکەی و لێکەوتەکانی، ئێمەش ئەم دیاردەیەمان شی کردووەتەوە.

توێژینەوەکە لەسەر بنەمایەکی زانستییانەی میتۆدی فەلسەفەی مێژوو بە شیکردنەوەی هێز دەست پێ دەکات، لە ڕوانگەی هەردوو هزرمەند (ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللی) لە پێوەندیی نێوان هێز و مێژوودا قووڵ دەبێتەوە. تێڕوانینەکان دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە، ڕێبازی شیکردنەوەی پێشهاتە مێژووییەکان لەنێوان هەردوو هزرمەند وەک میتۆد سوودیان لێ وەرگرتووە، ئینجا تیشک دەخرێتە سەر کاریگەری و لێکەوتەی هێز لە ڕوانگەی هەردوو هزرمەند، کە وەک سوورێکی زیندووی سروشتی لەبارەی هێز و کۆتاییەکەی چوارچێوەیان بۆ کێشاوە، گرنگیی تێگەیشتن و ئاگاییپەیداکردن دەربارەی کۆتایی هێز، کاریگەری و لێکەوتە و تێگەیشتن لە پێشهاتەکانی ئەم باردودۆخە.

وەرگرتن: ٢٠٢٥/٣/١٤
پەسەندکردن: ٢٠٢٥/٥/٧
بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٥/٢٧

**کلیلەوشە:**

ئیبن خەلدوون، مەکیاڤیللی، مێژوو، کۆتایی هێز، بنیاتنان.

▪ گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کوردناسی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات. گۆڤارەکە لێکۆڵینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە. ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.

## پێشەکی

کۆتایی هێز یەکێکە لەو بابەتانەی کە بووەتە جێی سەرنج و تێڕامان لەناو هزرمەندان و فەیلەسووفانی بواری زانستی مێژوو، بە درێژایی سەردەمەکان مرۆڤ بەدوای ئەنجامی کۆتایی بابەتەکاندا وێڵ بووە، هەوڵی بێوچانی لە پێناو حیکمەت و کاریگەریی کۆتایی هەر هاوکێشەیەک خستووەتەگەڕ، یەکێکیش لەبابەتە زیندووەکان لای ئیبن خەلدوون وەک هزرمەندێکی ئیسلامی و کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و تێگەیشتنەکانی جێی سەرنج و تێڕامان بوون، بە هەمان شێوە مەکیاڤێللی بیرمەندێکی گەورەی سەردەمی ڕێنسانس و سەرەتای سەردەمی نوێیە، لێکدانەوەی بۆ هێز و کۆتاییەکەی پڕاوپڕ لە تێگەیشتنی نوێ و سەردەمبڕ و زیندووە، ئەوەش بووەتە جێگەی بایەخی توێژینەوەکەمان.

**گرنگیی توێژینەوە:** گرنگییەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە چوارچێوەکەی سوودوەرگرتنە لەهزری هەردووک هزرمەند لە ڕێگەی پەرتووکی (موقەدیمە- ئیبن خەلدوون) و (میر- مەکیاڤێللی) تێگەیشتنەکانی ئەوان دەربارەی مێژوو و هێز و کۆتاییەکەی، شرۆڤە و بەراورد کراون، چونکە وەک چۆن مێژوو و هێز، دوانەیەکی ئاوێتەبووی دانەبڕاون، بە هەمان شێوە تێگەیشتنی ئەم دوو هزرمەندە لێکنزیک و جێگەی سەرنجە. ڕەنگبێ هیچ هزرمەندێکی ئیسلام، هاوشێوەی ئیبن خەلدوون بە زمانێکی جیهانی تێگەیشتنەکانی نەخسبێتە ڕوو، کە سەردەم و کولتوور و شارستانییەتەکان نەبوون بە بەربەست. بە هەمان شێوەش مەکیاڤێللی نووسینەکانی لەم پەرتووکە بە زمانێک دارشتووە، کولتوور و شارستانییەتەکانی تێ پەڕاندووە، ڕەنگبێ نزیکترین هزرمەند بێ لەگەڵ ئیبن خەلدوون، لەمەڕ ورد و درشتی بابەتەکانی کۆتایی هێز تێگەیشتنەکانی خۆیان خستووە تەڕوو.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا بە پێڕەوکردنی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و تیۆریی بەراوردکاری، تیشک خراوەتە سەر ڕوانگە و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە نەمانی هێز و لێکەوتەکانی.

**ئامانجی توێژینەوە:** تێگەیشتنێکی بابەتییە لەسەر میتۆدی هەردوو هزرمەند لەبارەی چۆنیەتیی کۆتایی هێز، ئەم ئامانجەش ئامانجێکی تر دەخاتە پێش چاو، ئەویش تێگەیشتنە لە هەمبەر دەسپێکی لاوازی و کۆتایی ڕژێم و دەسەڵاتدارەکان بە درێژایی مێژوو، تا وەک و ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، چونکە بەپێی بەدواداچوونی توێژەران، تاوەکوو ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بەتایبەت نەپەرژاوەتە سەر ئەم بابەتە.

**پرسیاری توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەوڵیانداوە وەڵامی چەند پرسیارێکی بابەتی بدەنەوە، لەوانەش بۆچی هەردوو هزرڤان بەر لەبنیادنانی هێز سەرنجەکانیان لەسەر کۆتاییی هێز قووڵ دەکەنەوە؟ ئایا هەموو هێزێک دەتوان ببێتە ناوەندی دەسەڵات گەر کۆتایی نەیەت؟ بۆچی هێزەکان تا ڕادەیەک شێویەکی هاوشێوەیان هەیە لە ڕوانگەی هەردووک هزرمەندەوە؟

**پێکهاتەی توێژینەوە:** لە دەروازە و چوار باس پێک هاتووە. لە دەروازەدا (چەمک و زاراوەی هێز) بە پوختی ئاماژەی بۆ کراوە، باسی یەکەم (هێز و مێژوو لە هزری ئیبن خەلدوون و مەکیاڤێللی)مان خستووەتە ژێر نەشتەریی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن، هەرچی باسی دووەمە (کۆتاییی هێز لە ڕوانگەی ئیبن خەلدوون) باس کراوە، بەپێی ڕوانگە و بۆچوونەکانی هزرمەندی ئیسلامی ئیبن خەلدوون، ئەوەی تایبەتیشە بە باسی سێیەم (کۆتاییی هێز لە تێگەیشتنی مەکیاڤێللی)خراوەتەڕوو، باسی چوارەم و کۆتاییش بە

ناونیشانی(لێکەوتەکانی نەمانی هێز لەڕوانگەی ئیبن خەلدوون و مەکیاڤێللی) شرۆڤە کراوە.

بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەش پەرتوکی (مقدمە- ئیبن خەلدوون ، میر-مەکیاڤێللی) وەک دوو سەرچاوەی بنچینەیی پشتیان پێ بەستراوە و کەرەستەی سەرەکی بوون له نووسینەوەی توێژینەوەکە، لەگەڵ بەکارهێنانی کۆمەڵێک سەرچاوەی تر. له کۆتاییشدا گرنگترین ئەو بەرئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە توێژەران پێی گەیشتوون.

## دەروازە: زاراوە و چەمکی هێز

هێز له ڕووی زاراوە و چەمکەوە بە چەندان شێواز و چەمکی جیاواز ئاماژەی بۆ کراوە، لە کتێبە پیرۆزەکاندا، بۆ نموونە وشەی (القوة) له قورئاندا بیست و شەش جار بەکار هاتووە، بەڵام چەندان وشەی دیکەش هەن کە هەر بەمانای (القوة) هاتوون[١] هەروەها لە پەرتووکی پیرۆزیشدا (ئینجیل) ٣٩ جار باس کراوە.[٢] لە تەوراتیشدا جێی بایەخی زۆر بووە، بە تایبەتی لە سفر التكوين (القاهيرة: ١٩٧٦، ٢٢-٣٢) ئەوەی تایبەتیشە بە زمانی عەرەبی لەلای فیروزأبادی (القوة)بەم شێویە پێناسەی بۆ کراوە: "هێز له بەرانبەر لاوازی- القوة، ضد الضعف" (آبادی، ٢٠٠٨: ١١٨٣).

لە ڕووی زاراوەوە، لە زمانی کوردی وەک له فەرهەنگی خاڵدا هاتووە، هێز بە مانای توانایی دێت. (خاڵ، ٢٠٠٥: ٥٢٤)، بەڵام لە هەنبانەبۆرینەدا مانای وزە، تاقەت، قەوەت دەدات (شرفكندی،١٣٦٩: ١٠١٦) وشەی هێز، سەرەتا بۆ ئەو هۆکارە بەکار هاتووە کە بوونەوەر توانای ئەنجامدانی کردارە سەختەکانی هەیە، دواتر گواستراوەتەوە بۆ پرەنسیپی خۆی کە دەسەڵاتە (الجرجاني، ١٩٨٥: ١٨٨)، ئەم چەمکە بنەڕەتی تیۆریی سیاسیی نوێیە، بە بڕوای بەشێک لە توێژەران، هێزبەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵاتی سیاسییە، زۆرێک لە زاناکانیان پێوەندیی دەسەڵات بە جەوهەری سیاسەت دەزانن و بۆچوونیان وایە ئەوەی پێوەندییە سیاسییەکانی خەڵک له پێوەندییەکانی دیکەیان جیا دەکاتەوە هێزە. (عالم،١٣٩١: ٨٨) لەلای ابن منظوریش سێ چەمک لەخۆ دەگرێت، یەکەم هێزی ڕەهای خودا، دووەم هێزی مرۆڤ کە ئەویش دابەشی سەر سێ جۆر دەبێت، ئەوانیش جەستەیی و ناوەکی و بینینە. هەرچی هێزی سێیەمیشە بەمانای سەپاندن دێت(ابن منظور،بدون سنه: ٣٧٨٨-٣٧٩٠) لەڕوانگەی الراغب الأصفهاني، زاراوەی(القوة- هێز) بەمانای توانایی دێت (الأصفهاني، ٢٠٠٤: ٤٦٧-٤٦٨) بەگشتی هێز بە واتای وزەیەکی جووڵاو یان شیانی جووڵاندنی هەبێت دێت. (ابن عاشور، ٢٠٠٠، ج١٠: ٤٤؛ التهانوي، ١٩٩٦، ج٢ :١٣٢٥) له زمانی ئینگلیزیشدا وشەی (power) له بەرانبەر چەمکی هێز بەکار دێت. (٣-٥، ٢٠١٩: Luma Fayez Alsalah).

لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، هێز بە واتای توانای تاکەکان یان گرووپەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان یان پێشخستنی بەرژەوەندییەکانیان له ڕێگەی ناچارکردنی ئەندامانی تری کۆمەڵگە، دەسەڵات سوودێکی کۆمەڵایەتییە کە لە چینایەتیدا لەبەر چاو دەگیرێت، زۆرێک له ململانێکان لە کۆمەڵگەدا ململانێی دەسەڵاتن، چونکە ئاستی توانای مرۆڤ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات کاریگەری لەسەر ئەوە هەیە کە تا چەند دەتوانێت خواستەکانی لەسەر بەرژەوەندیی ئەوانی تر جێبەجێ بکات. (عمر، ٢٠١٣: ٥١). دەسەڵات بە سادەیی، توانای هەیە کاریگەری لەسەر کەسانی دیکە بکات و ملکەچی خواستی هێزی چالاکیان بکات، بۆیە ئەوانەی لە هەر بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری یان کولتووریدا بەهێزن، ئەو کەسانەن کە ویست و ئیرادەی خۆیان دەسەپێنن و شتەکان بەو شێوەیە جێبەجێ دەکەن کە خۆیان دەیبینن،

بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان. (الشمري، ٢٠١١: ٢٠) نیتچە پێی وایە، غەریزە سەرچاوەی هێزی مرۆڤە (ایوب واوجا،الجزیرة، ٢٠١٩: ٤، ٢٣). بە بڕوای کارل دۆیچ، هێز بریتییە لە توانای سەرکەوتن لە ململانێکان و تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان، هەروەها دەیڤید سینگەر پێی وایە هێز پێویستی بە کاریگەری هەیە. لە ڕوانگەی ئەوەوە دوو تەکنیکی هەڕەشەی سزا و بەڵێندان لە گرنگترین تەکنیکەکانی دەسەڵاتن. ڕوسیل بە جۆرێک توانا پێناسە دەکات کە توانای دروستکردنی کاریگەرییە خوازراوەکانی هەیە. مۆرگانتا لە پێناسەی دەسەڵاتدا باس لە پەیوەندیی دەروونیی نێوان ئەو یەکانەی دەسەڵات دەکەن و ئەم پەیوەندییە سێ سەرچاوەی قازانجی هەیە، ترس لە زیان و هەستکردن بە سەربەخۆیی، لە ڕێگەی هەڕەشە، ڕاکێشان یان کاریزما جێبەجێ دەکرێن. (مقتدایی، بێ ساڵی چاپ: ١٣٦).

**باسی یەکەم: هێز و مێژوو لە هزری ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللی**

هێز و مێژوو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە، کەم بابەت هەن بەقەد ئەم دوو چەمکە پەیوەندیی ڕاستەخۆیان هەبێت، چونکە لەگەڵ گەشەی هێز، ڕاستەوخۆ تۆمارە مێژووییەکان گەشە دەکەن. تێڕوانینی مەکیاڤیللی بۆ ئەم بابەتە ئاشکرایە، تەنانەت قووڵتریش بابەتەکە دەخاتە بەر باس و لەو باوەڕەدایە دەسپێکی بوونی هێز، هەمان ئەو دەسپێکەیە کە مێژوو لەدایک دەبێت. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٥٦-٥٧؛ أحمد، ١٩٧٩: ١٩) بۆ ئەم بابەتەش شایەتێک کە هەر لەناو خودی مێژووەوە سەرچاوە دەگرێت و کۆی جەوهەری پرۆسەی لەدایکبوونی مێژوو دەخاتە بەر چاو، دەیسەلمێنت لەدایکبوونی مێژوو بەبێ بوونی هێز، لەدایکبوونێکی گریمانەیی و ناتەواوە، ئەوەی مێژوو دەگەیەنێتە ئاستی زانستەکانی تر ئەوەیە، بناغەکەی لەسەر هێز جێگیر دەبێت. (الجبوري، ٢٠١٤: ٥٦-٦٠؛ سعيد، دهمي، ٢٠٢٣، ٢٠).

مێژوو پێناسەی ئاڕاستەکانی هێز دەکات، ئینجا ئەو پێناسانە هەمان ئەو تێڕوانینەیە کە مێژوو خۆی پێ دەوڵەمەند دەکات، چونکە مێژوو تەنیا لەم بارودۆخەدا دەبێتە هۆیەک بۆ بەشێکی کاریگەر لەسەر هێز ئەویش پاڵنەرەکانن، لێرەوە خودی هێز خۆی لەو پاڵنەرە مرۆییانە دەبینێتەوە کە ئیبن خەلدوون بە دەسپێکی کۆبوونەوە یان هەڵوەشانەوەی هێز لەناو مرۆڤەکاندا خستوویەتییە ڕوو، بە جۆرێک بوونی خۆی لە بوونی پێویستییە پاڵنەرەکانی وەک (یەکەی سیاسی، ئاسایشی خۆراک، ئاسایشی پاراستن، هتد...) خستووەتە ناو نەخشەی گەشەی مێژوو، چونکە بەشێکی گەورەی تۆمارە مێژووییەکان شایەتی ئەو بارودۆخانەن کە پاڵنەرەکان بوونەتە هۆی بە کەماڵگەیشتنی هێز و هەڵوەشانەوەی، بۆیە ئیبن خەلدوون مێژووی وەکوو پرۆسەیەکی زانستی وێنا کردووە، لەمەڕ ئەو گۆڕانکاریانەی لە کرۆکی پرسەکانی دەوروبەری مرۆڤ و ئەوانەشی کارتێکەرن لەسەری، خۆی نمایش دەکات، ئەو ئاڕاستەیەش دیاری دەکات پاڵ بە مرۆڤ و بیرکردنەوەکانییەوە دەنێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ١٧٩؛ مەلاح، ٢٠١١ :١٢٧-١٢٩ Leonid E. Grinin, Dmitri D. ٢٠١٠: p: ١٨٨-١٨٩) ئەو تێڕوانینەی دەکرێ پرسێکی ماددی بێت لەناو کرۆکی پرسە ڕۆحییەکان و مانەوەی بنەڕەتیبوون، مێژوو بەهۆی ئەوەی زیاتر تێکەڵەی پرسی سیاسی کراوە، ئەوندە لەسەر بابەتی پاڵنەرەکانی هێز قووڵ نەبووەتەوە، ئەوەش بێبایەخیی پاڵنەرەکانی هێز و پەیوەندیی ڕاستەخۆیان لەگەڵ مێژوو نییە، بەڵکوو کاریگەریی پرس و بەرژەوەندیی سیاسی و لایەنگریی ئەوانەی مێژوویان نووسیوەتەوە، وای کردووە کەمتر ئەم باسانە بخرێنە ڕوو، ئەگەرنا پاڵنەرەکان ئەوندە

کاریگەرییان بەسەر مێژوو و ئاراستەبوونی هێزەوە هەیە، تۆمارەکانی مێژووی وەکوو زانست کردووەتە خاوەن بایەخ و جێی لێکدانەوە، چونکە لەمەڕ ئەو پرسانەی مرۆڤ توانای چارەکردنی هەبووە، ئەسپی خۆی تاو داوە و لێی قووڵ بووەتەوە. (نوارای ، اندرية، بون، فردريك، اخرون، ١٩٨٨: ١٩-٢٠؛ مەلاح، ٢٠١١ : ١٢١-١٢٢) بەشێکی زۆری ڕووداو و پێشهاتە گرنگ و گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە ئیبن خەلدوون شیکردنەوەی بۆ کردووە، ئەو ڕووداوانە پێوەندیی نێوان هێز و پاڵنەرەکانی بە ڕاستەوخۆ لە هەموو سەردەمەکاندا نیشان دەدەن، ئەوەش بەهۆی ئەو کاریگەری و ئاراستە مرۆیی و پێویستییە ماددییانەی کە جڵەوی مێژووی کردووە، ئەمەش هاوڕاییەکی بۆ بیری ئیبن خەلدوون دروست کردووە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٣٩-٣٤٠-٣٤٢-٣٤٣ ؛ دیورانت، ٢٠١١: ١٥).

لەناو مێژوو، کاتێک لەبارەی هێز و پاڵنەرەکانی گەڕان بکرێت، بابەتێک دێتە بەر باس کە دەرگەی گەنگەشەی زیاتر واڵا دەکات، ئەویش ناوەندی بنیادنانی هێزە، پێکهێنەرانی ئەم ناوەندەش گرووپە کۆمەڵایەتییەکانن. (جيهانبگلو، ٢٠٠١: ٦٤)، مەکیاڤیللی لەناو پێشهاتە مێژووییەکاندا، بە دوای ئەڵقەیەکی ونبووی ئەم پرسەدا دەگەڕێت و هەموو هەوڵێکی زەینیی خۆی دەخاتە گەڕ، لەو باوەڕەدایە مێژوو خاوەن حیکمەتێکە دەتوانێت ئەو ئەڵقە ونبووە بدۆزێتەوە بۆ تەواوکردن و دەستکەوتنی وەڵامێک، لەبەر ئەوەی مێژوو بەرهەمی ئەقڵ و ئەزموونی ڕابردووی مرۆڤەکانە و بابەتێکی پڕ ئاراستەی زانستییە، بۆیە شیکردنەوە بۆ پرۆسەی هێز لەسەر بنیاتی ڕووداوە مێژووییەکان دەکات، ئەوەش پرسێکی بەردەوام جێگەی تێڕامانە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٥٢-٥٣، ١١٧ ؛ storig,Hans Joachim kleine Weltgeschicte der philosophie.stuttgart, ١٩٦١ .p.٣٣٤ ، سارتەر، ٢٠٠٤: ٩-١٠) ئەو پرسەی مەکیاڤیللی بەدوایدا وێڵە، بوونی ناوەندی هێزە، ئەو ناوەندەی کە مێژوو دەگەیەنێتە ئاستی بوونێکی نوێ، بۆیە هەوڵ و ئامانجەکانی مەکیاڤیللی دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە هێز کاتێک پێکهێنەرەکان بنیادی دەنێن، واتای بوونی هێزە، بەڵام کاتێک دەبێتە هێزێکی فرەوانخواز بەردەوام دەبێت لە پاراستن و مانەوەی خۆی واتای بوونی مێژووە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٤-١١٧). ئەوەی مەکیاڤیللی بە گرنگترین پایەکانی دەزانێت بۆ بوونی مێژوو هەم کاریگەری لەسەر پاڵنەرەکانی و هەمیش بۆ مانەوە و بەردەوامی، بریتیە لە کۆکەرەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی هێز. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٨٨-٨٩ ، ١٢٨-١٢٩). ئارەزووی بوونی هێز و دروستکردنی ناوەندی سیاسی، ئارەزوویەکی هاوبەشی مرۆڤەکانە. (مەکاڤیللی، ٢٠١٩: ٣٨) بەڵام جارێکی تر مەکیاڤیللی دەرگەیەکی دیکەی گەنگەشە واڵا دەکات، ئەویش بوونی دۆخێکە توانا و شانسێکی باشە بۆ کۆکەرەوەی هێزەکان. (مەکیاڤیللی،٢٠١٩: ٣٠) کاتێک ناوەندێک بوونی هەبێت، ڕاستەخۆ بەڵگەیە لەسەر بوونی خاوەن هێزێک، هەبوونی ئەو خاوەنەش لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی سەرچاوەی هێزی ژێر دەستەکانی. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩ :١٤٢) مانەوەی ئەو یەکە سیاسییە پێوەستە بە کار و کردەوەی ئەوەی خاوەنداریەتی لێ دەکات. (جهانبگلو، ٢٠٠١: ٦٤).

مێژوو جارێکی دیکە ئەوە دەخاتە بەر چاو، کە ڕووداو و پێشهاتە پێشینەکان و چۆنیەتیی ڕوودانیان لەژێر چ پاڵنەرێکدا بوون، هەموو ئەوەی نەخشەی بۆ دەکێشرێت پاڵنەرەکانی هێز هۆکاری سەرەکین، هەر ئەوەش وای کردووە مەکیاڤیللی بە ڕوونی لەناو مێژوو بۆ تەواوکردنی هاوکێشەی زانستی بگەڕێت و بگاتە ئەو باوەڕەی کە مێژوو دەتوانێت ئەوە بۆ

مرۆڤەکان یەکلا بکاتەوە بۆ ئەوەی کەڵک و سوودی لێ وەربگرن و بە ڕاشکاوانەش ئاماژە بەوە دەکات کە بەردەوامیی هێز پرۆسەیەکی مێژووییە، هەر ئەوەش بووە کە مەکیاڤێللی هەوڵی سەلماندنی داوە و گەیشتووەتە باوەڕەی ئەوەی مرۆڤەکان لەسەری دەژین و تەنانەت جیهانیش بریتییە لە هێز. (عبدول، ٢٠٠٨: ٣٩ ؛ مەکیاڤێللی، ٢٠١٩: ١٤٢). گۆڕنکارییش لە جیهاندا لەسەر ویستی هێز وەستاوە. (عبدول، ٢٠٠٨، ٤٠).

مێژوو بە درێژاییی زانیاری ناو تۆمارەکانی، جەختکردنەوە بووە لەوەی بوونێکە لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش لە کۆبوونەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان پێک دێت کە هۆیەکن بۆ دروستبوونی ناوەند، ئەم ناوەندەش لەسەر پایەیەک خۆی جێگیر کردووە، کە کۆکەرەوەی هێزەکانە، ئەمەش لە کاریگەریی پاڵنەرەکانی سەرچاوە دەگرێت، پاڵنەری هێزەکانیش شتێکی سروشتییە کە لەگەڵ دەسپێکی بوون، ئەم پاڵنەرە سروشتییانە لەدایک دەبن، بەو پێیەی بوون لە بنەڕەتدا ناکامڵ و ناتەواوە، بۆیە دەرگەکانی بەستنی کەموکورتی و پڕکردنەوەی ناتەواوییەکان وای کردوە، مێژوو ببێتە هۆیەک بۆ کۆکردنەوەی دوو بابەت کە بەدرێژاییی مێژوو خاوەن جەوهەری بنەڕەتیی گەشە بوون، ئەوانیش ئەزموون و ژیرین؛ هەمیشە ئەزموون ڕێگەی ڕاست و هەڵەی ڕابردوو لەمەڕ پڕکردنەوەی ناتەواوییەکان خستووەتە پێش چاو، هەرچی ژیرییە، بە بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەییانە هەمیشە گۆشەی گۆڕانکاری داڕشتووە. (عبدولسلام، ٢٠٠٥: ٦٧؛ کاری، ئێچ، ٢٠٠٥: ١٢١؛ کەمال، ٢٠٠٤: ٥١،٦٦-٦٧)، هەموو هزری مەکیاڤێللی بۆ هێز و مێژوو، لەم گۆشەنیگایەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش بۆشایی و کەموکوڕیی ڕابردوو بە تەنیا ڕابردوویەکی ڕووت نییە، بەڵکوو گریمانە و گومان زۆر هەڵدەگرێت و ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەیە، بۆیە مێژوو لەسەر بیری خاوەنهێز و کۆکەرەوەی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان وەستاوە. ( Holman Christopher, ٢٠١٨, p٧٥-٧٦-٧٧; , Bakare, K.A,٢٠٢٠,p:٤٩-٥٠ ; مەکیاڤێللی، ٢٠١٩: ١١٧) مێژووش ئەو هەل و هەڵە زۆرانەی تێدا تۆمار کراوە، بۆیە مەکیاڤێللییش سەلمێنراوەکەی لەسەر هەوڵ و هەڵە دووبارەبووەکان دادەڕێژێت. ڕووداو و هاوکێشەی مێژوویی دەکات بە بنەما. (مەکیاڤێللی، ٢٠١٩: ٥٢-٥٧) بەڵام مەکاڤێللی لە ڕوانگەی کۆکەرەوەی هێزەکان، شیکردنەوە بۆ بابەتی هێز و مێژوو دەکات، هەموو تێڕوانینەکانیشی لەم چوارچێوەیەدا دەخولێنەوە. (مەکیاڤێللی، ٢٠١٩: ٣٠-٣١ ، ١١٦-١١٧).

ئەم گۆشەنیگایە لەنێو هزری ئیبن خەلدوونیش دونیایەکی پڕ لەگەنگەشە و جێگەی تێڕامانە، بەوەی کە شیکردنەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکان دەکات، ئاماژە بۆ هەبوونی دەسەڵاتێکی خاوەن هەژموون و کیانێکی خاوەن شارستانی دەکات، بەڵام سەرنج دەخاتە سەر کۆمەڵە بەربەرییەکان کە دەسپێکی دروستبوونی دەمارگیرییە، بەوپەڕی هێزێکی سادە دەبنە هۆی هەڵوەشاندنەوە ئەم دەسەڵاتە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٥٦-٣٥٧ ، ٣٦٦-٣٦٧) ژیانی کۆمەڵ پێوانەکەی هێزە، ئەو کۆمەڵانەش لە پێناو پاراستن و مانەوەی خۆیان بڕیاری لەدایکبوونی هێزێک دەدەن، ئەوانیش دەبن بە پشتوپەنای سەردارێک، پاڵنەرەکانی ئەم هاوکێشەیە دەبنە هۆی لەدایکبوونی هێزێکی یەکگری دەمارگیری. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٥٨ Shahidipak,MohammadRaza, ٢٠٢٢-p٢٥٧-٢٥٨ ; ) لێرەدا پایەیەک لەدایک دەبێت کە سەرداریکردنی هێزە، ئەم پایەیە چارەنووسی ئەو کۆمەڵەیە دیاری دەکات، ئەویش سەرداریکردنە کە

بەبێ هێز بوونی نییە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٦٧) ئیبن خەلدوون، ئەو گرووپە بەربەرییانە بە داینەمۆ و هێزی بزاوتنی سەرەکیی مانەوە و گەشەی شارستانییەت دەزانێ، ئەمە و جگە لەوەی کە پێی وایە ئاکاریش بە گوێرەی ژینگە دەگۆڕێت و بەم هۆیەوە پاڵنەرەکانیش پشت و فاکتەری تریش وەک و کارلێک بۆیان زیاد دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر پێکهێنەرانی یەکێتی و سەرداریی هێز دەبێت، ئەویش ژینگەیە. (-Sulastri Neneng٢٠١٩:p ١٤٥-١٤٦ ١٤٧) ئیبن خەلدوون جەختیش لەسەر ئەو دۆخەی پەرەوەردە دەکات کە هێز بیەوێت تێیدا پێ بگرێت و گەشە بکات و هەنگاو هەڵبگرێت، لەو باوەڕەدایە مرۆڤەکان دەبێ لەو ژینگە سروشتی و مێژووییە گوزەر بکەن تا بتوانن واقیعی گۆڕانیان لا پەسەند بێت، چونکە لە سەرووی ژینگە سروشتییەکە و مێژووییەکە، زۆر خاوەنداریی لەبیرکردنەوە و بیری گۆڕان دەکات، ئەوەش کاتێک گرووپێک بیەوێت سەرکردایەتیی هێز بکات. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٥٣-٣٦٦).

لە هزری ئیبن خەلدووندا، مێژوو و هێز دوانەیەکی لێک دانەبڕاوەن، بێهێز و پەرتەوازەکان ئەوانەن هەمیشە شوێنکەوتە و گوێڕایەڵی دەکەن، ئەوانەش بەشێکی پێویستییەکانی هێزن لەناو مێژوودا و ستراتیژی خۆیان لەسەر دادەڕێژێت، لەبەر ئەوەی هێز ناوەندی هەموو گۆڕانێکە، پاڵنەرەکان چەندە پاڵی پێوە بنێن، ئەوندە مەودای بەرکەوتەکانی لەسەر دەوروبەر هەست پێ دەکرێت، ئەم هەستپێکردنەش دوو بەرکەوتەی لێ دەکەوێتەوە، ئەوانیش ئەوانەن بەزوویی بەدەم ئەو گۆڕانەوە دەچن و توانای بەرەنگاربوونەوەیان نییە، دووەمیش ئەوانەن کە ویستی بەرپەچدانەوەی ئەو هێزەیان هەیە بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانیان. زۆر جار ئەو بەرکەوتانەی هێز ڕووبەڕووی دۆخێکی مێژوویی دەبنەوە کە ناچارن لەڕووی گەشەی بنیاتنان و هۆشیارییەوە ئەوە پەسەند بکات، هێزی ژێردەستە لەم دووبابەتەی سەرەوە خاوەن هێزترە، چونکە هەمیشە هێز کاتێک ڕووبەڕووی مێژوو دەبێتەوە، قەبووڵی ئەوە دەکات، کە واقیعی مێژوویی و خەزێنەی مێژوو، زۆر زەنگینترە لە توانای هێز، چونکە مێژوو میراتی هێزگەلێکە لە دەسپێکی مێژوو تاوەکوو ئەو ساتەی هێز و مێژوو بەریەکەوتنیان هەیە درێژبۆتەوە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٢، ١٠٢، ١١٧-١١٨، ١٢٧-١٢٨، ٣٨٣-٣٨٨). سروشتی هێز وایە، بە کاردانەوەکانی دەپێورێت و هەر خۆشی واتە بەرکەوتە، ئەم بەرکەوتانەش ئەو مێژووەی دروستی دەکات کە نیشانەی وێرانکاری بێ یاخود بناغەی ئاوەدانی و هێنانەکایەی سەردەمێکی نوێ، ئەوانەی گرووپی بچووک بچووکن، هەمیشە ئامانجی باڵای ئەوان یەک و نەگۆڕە ئەویش پاراستن و مانەوەی خۆیانە، ئەوەش دەرخەری کاریگەریی هێزە لەسەر ئاراستەی بیرکردنەوە و سروشتی ژیان. بە بڕوای ئیبن خەلدوون، ژیان لەسەر هێزی کێبەرکێ دامەزراوە، هەر کاتێک ئەو گیانە لەهەر کۆمەڵە و گرووپێک بەدی کرا، ئەوا بەهەرڤن بۆ دروستکردنی سەردەمێکی نوێ و گۆڕانی بارودۆخ، هەرکاتێکیش ئەو کێبەرکێیە لە هێز داماڵرا، هەرچەندە بنەماکانی مانەوەشی هەبێت و پایەکانی لەناو مێژوویەکی دێرینشدا ڕۆ چووبن، بەڵام بەرگەی ململانێ و هێزی کێبەرکێکاری بچووکی نوێ ناگرێ کە ئامانجی باڵا و یەکێتی و دەمارگیرییەتیی خۆی لەسەر ئامانجی گۆڕانی دۆخ داڕشتبێت. (ئیبن خەلدوون،٢٠١٦: ب١، ١٨٨، ٣٥٦، ٣٧١، ٣٨٠-٣٨٧، ٤٠٠-٤٠٣، ٤١٣- ٤١٧،, ٢٣٥-٢٣٦ :٢٠١٨ ÖNDER . )

هێز و مێژوو لای زۆرێک لە هزرڤانان جێگەی شرۆڤەی ڕۆژگاری خۆیان بووە، چەندان پرسی تایبەتیان لەمەڕ زیاتر ڕۆشنکردنی کاریگەری و

لێکەوتەی ئەم دوو بابەتە خستووەتە بەر باس، لەنێو ئەو هزرڤانانەش چ ئیبن خەلدوون و چ مەکیاڤیللی، وردبوونەوەی قووڵیان بۆ هەبوونی پێوەندیی نێوان ئەم دوو چەمکە گەنگەشە کردووە، چونکە مێژوو لە ڕوانگەی هەردوو هزرڤانەوە بریتی نییە لە ڕابردوویەکی بێ کاریگەر، بەڵکوو مێژوو درێژبوونەوەی کۆمەڵێک هەڵ و هەڵە و کاریگەریی ئەزموون و ڕۆچوونی ژیری و ڕێچکەشکاندنی نوێ بووە بۆ قۆناغەکانی میراتی باوباپیرانی ئادەمیزاد کە لێراکردن و بێبەریبوون لێی شتێکی حەتمییە، ئەوەشی لە تێڕوانینی ئەم دوو نووسەرە جێگەی سەرنجە، ئامادەکردنی بێشکەیەکی نوێ بۆ دوو زانست کە دەتوانرێ بێ چەند و چۆن لەسەر یاساکانیان یاسای گۆڕان دابڕێژرێت کە مەکیاڤیللی زیاتر لە گۆشەنیگایەکی سیاسییانە دەڕوانێتە مێژوو، ئەم ڕوانینەی لەدایکبوونی سیاسەتی ڕیالیزم و گۆڕانە لە سیستەمی بیرکردنەوە لە هەمبەر بێبایەخیی ڕووداوە مێژووییەکان و لێکەوتە سیاسییەکان کە دەبێتە هەوێنی هۆشیاریی مەزن لەلایەن ئەوانەی سەرکردایەتیی کۆمەڵگە دەکەن. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٥٦-٥٧، ١١٧، ١٦٤-١٦٧، ١٧٧-١٧٨؛ Haikal, ٩٩-٩٨-٩٧-٩٦ p: ٢٠٢٠ Mujahid) ئینجا ئەو هێزەی لەم بیرکردنەوانەی مەکیاڤیللی دەستیان کەوت، لەسەر خۆیان لە چۆنیەتیی سەکردایەتیکردنی کۆمەڵەکەیان وەستا، چونکە مەکیاڤیللی بەرپرسی بەکارهێنانی هێز نییە، بەڵکوو تەنیا دەرخەری هێزێکی شاراوەیە لە هەناوی مێژوودا، کە ئامانجی ئەو نەهێشتنی گرووپی بەرژوەندیخواز و بەربەست دروستکەربوون لەبەردەم یەکێتیبوونی هێزدا. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٧٢-١٧٤! Holman, ٢٠١٨ ،Christopher, ٩٤-٩٣ ,٨٤-٨٣) هەموو ئەوانەی مەکیاڤیللی هزری خۆی لەسەر داڕشتبوو، ئیبن خەلدوون پەی پێ بردبوو، بەڵام ئیبن خەلدوون ویستێکی باڵاتری لە هەناوی مێژوودا هەست پێ کردووە، کە پێی وا بوو ئەو یاسا جێگیرانەی مێژووی بردووەتە ئاست زانستەکانی تر لەسەر ئەوە وەستاوە، کێن ئەوانەی دەیانەوێت مێژوو دروست بکەن، تا چەندە لە یاساکانی مێژوو شارەزان، چونکە لەناو هەناوی مێژوو جیهانێکی نێهنی هەیە، دەرگەی گۆڕانکاری هەر لەوێوە دەست پێ دەکات، تەنانەت زانستێکی نوێش لە تێگەیشتنە مێژووییەکانی ئیبن خەلدوون لەدایک دەبێت ئەویش زۆر لەو هێزە گشتگیرترە کە مەکیاڤیللی لە خاوەنی دەسەڵات گرێی دەدات، ئەو پێی وایە دەمارگیریی کۆمەڵ هۆی گۆڕانە و کۆمەڵگە خاوەن بڕیاری کۆتایی دروستکردنی هێز و لەدایکبوونی مێژووە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٥٩-٣٦٠، ٣٦٥-٣٦٦).

ئەو تێگەیشتنە بۆ هێز و جیاوازیی نێوان ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللی لە گرنگیی پێوەندیی نێوان هێز و مێژوو و ئاوێتەبوونی نێوان ئەم دووبابەتە کەم ناکات، بەڵکوو گرنگی و بایەخی هەردوو بابەت قووڵی و کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکانی ژیاری مێژووی مرۆڤایەتی دەردەخات، بەتایبەتیش کە دەسپێکی هەموو بوونێک لەلای ئیبن خەلدوون هێزە، بەڵام تێگەیشتن بۆی لە ڕوانگەی ئیبن خەلدوونەوە فرەوانتر و قووڵترە، چونکە هەموو یاسا سروشتی و مرۆییەکان تەنانەت یەک بەیەکەی پاڵنەرەکانی هێزیش خاوەن کاریگەریی خۆیانن لە گۆڕانی هاوکێشەی کۆمەڵ. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٥٢-٣٨٥) جیاوازیی ئەوان جیاوازییەکە، بە ڕوونی لە بابەتی کۆتاییهاتنی هێزیش بەدیار دەکەوێت، دەکرێ جیاوازیی نێوانیان لە پەرۆشیی هزری ئەوان بۆ کۆتاییی هێز سەرچاوەی گرتبێت، چونکە هەردووکیان بڕوایان وا بووە، هێز بۆ خۆی کامڵ نییە، بەڵکوو هەوڵ و تێکۆشانی پێکهێنەرانی وای کردووە بەردەوام بێت، ئەم ترسە ڕەنگە زۆر کاری کردبێتە سەر بۆچوونیان، تەنانەت تا ڕادەیەک نەمانی

هێز بە مەحال بزانێت ئەوی تریش مانەوەی بە حەتمی پێناسە بکات.

**باسی دووەم: جیاوازی کۆتای هێز لە دیدگای ئیبن خەلدوون:**

شتێکی سروشتی و سەروی دەسەڵاتی مرۆڤە کە خاڵێک دەبێتە دەسپێکی کۆتاییهاتنی هەر پرۆسەیەک کە لە بنەڕەتدا دەسپێکی هەبووە. ئیبن خەلدوون یەکێکە لەو بیرمەندانەی بە ڕاشکاوی پەی بەو خاڵە بردووە و لێی ڕاینەکردووە، بەڵکوو هەوڵی داوە لێکدانەوەی زانستی بۆ ئەم پرسە بکات. بە گوێرەی لێتێگەیشتن و بارودۆخ و ژینگەی کۆمەڵایەتی کە خۆی تیایدا ژیاوە و زانیاری لەربارەیەوە هەبووە، ئەم لێکدانەوە زانستییانەشی کە ئەنجامی داوە، لەسەر هەست و سۆز خۆیان جێگیر نەکردوە، بەڵکوو کۆمەڵێک یاساگەلی لەناو زانستی مێژوو و زانستی سروشتی تێکەڵ کردووە و یاسا و لێکدانەوەی نوێی خستووەتە پێشچاو، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی هاوشێوەی لەدایکبوونی هێز، کۆتاییەکەشی شیکردنەوە هەڵبگرێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٣٩-٣٤٠، ٣٤٤-٣٤٥، ٣٥٧،٣٨٣-٤١٧) کۆتاییی هێز، پێوەندیی ڕاستەوخۆی هەیە لەگەڵ مێژوو، لە ڕوانگەی ئیبن خەلدوونەوە، مێژوو بەبێ هێز دەچێتە دۆخی متبوون و نەمانەوە، هەموو یاسا زانستییەکانی خۆشی لەدەست دەدات و وەک بابەتێکی دوور لە زانستی لە لایەن کۆمەڵێک کەس بۆ سوود و بەرژوەندیی خۆیان کەڵکی لێ وەردەگرن، کە ئیدی مرۆڤ ڕووداوەکانی وەکوو خۆی پێ ناگات و توانای شیکاریکردن و متمانەکردن بەرتەسک دەبێتەوە، بۆیە هیچ زانستێک بەقەد مێژوو زیانی لە کۆتاییهاتن و داڕووخانی هێز بەرناکەوێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب ب١ ١٢٧- ١٣٢ ؛ ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب٢ ، ٦٣-٦٤).

ئیبن خەلدوون هەموو هێزێک بە چوار قۆناغ دەپێوێت، هەموو قۆناغێکیش بە چل ساڵ پێوانە دەکات؛ قۆناغی چوارەم، قۆناغی کۆتایهاتنی هێزە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٧٨-٣٨٠) دەسپێکی هێز، لە پێویستییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١ ٣٤٤) بەڵام کۆتاییەکەی لە زێدەڕۆییەوەیە لەلایەن سەردارانی هێز کاتێک دوای چێژ و ویستە کەسییەکان دەکەون و وڵات بەرەو داڕووخان دەبەن. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢ ١٠٠-١٠١-١٠٢) لەم قۆناغەدا کێبەرکێ لەپێناو سەپاندنی هێز نییە، بەڵکوو بەکارهێنانی هێزە لەپێناو غەریزە کەسی و پرسە ئابوورییەکاندا. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ٩٧) ئەم کێبەرکێیە نغرۆبوونێکی گشتی و کۆمەڵ بە دوای خۆیدا دەهێنێت، کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە لە دەمارگیری خاڵی دەکاتەوە، ئەوندەی حەزی جوانکاری و کێبەرکێی بەدەستهێنانی پرسە لاوەکییەکان دەبنە ئامانج، ئەوندە مانەوەی هێز و پاراستنی جێی بایەخ نییە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ٩٣-٩٥). بە براوی ئیبن خەلدوون، هەرکاتێک ئەو دۆخە هاتە پێش، هیچ هێزێک ناتوانێت بەر بە ڕووخانی بگرێت، چونکە هێز ناواخنی خۆی لەدەست دەدات، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ لەدەستدانی تەواوەتی، ئەو کێبەرکێ نائاکاریەش ڕاستەوخۆ گرنگترین پایەی ڕاگرتنی کۆمەڵگە دەکاتە قوربانی، ئەویش بریتییە لە نەمانی دادگەری، ئەمەش سەردەکێشێت بۆ چاوچنۆکی و تەماحکاری لەلایەن دەسەڵاتداران و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و دەستبەسەرداگرتنی موڵک، ئەوەش وا لە هێز دەکات بەردەوام توانای ناوەکی خۆی لەدەست بدات، بە جۆرێک ناوەندی هێز ئامادەی داڕووخانی تێدا بەرهەڤ دەبێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب٢، ١٠٢-١٠٤).

ئەو حەتمییەتەی ئیبن خەلدوون وەکوو یاسایەکی نەگۆڕ بەسەر هێز و چارەنووسەکەیدا سەپاندوویەتی، وای کردووە مێژوو وەک زانستێک ببێت بە جێگەی بایەخ و لێکۆڵینەوە، هێزیش کاتێک تووشی داڕووخان دێت، ئەگەر جێگرەوەی هێزێکی خاوەن ئامانج بێت، بەهەمان شێوە شارستانییەتیش لەسەر هەمان گەشە و داهێنانی خۆی هەنگاو دەنێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ١٠٢) بەڵام کاتێک هێزێکی نوێ و بێ ئامانج و دوور لە گەشەی شارستانییەت بێت، ئەوا دەبن بە هۆکارێک کە وێرانکاریی زۆر بەسەر گەشەی شارستانییەتدا دێنێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ لاپەڕەکانی مێژوو، ئەو نموونانە زۆر بەرچاو دەکەون، بە جۆرێک بوونەتە هۆی وێرانکاری، گەر ئەم کردارانە کاریان نەکردایەتە سەر شارستانییەتی مرۆڤایەتی، ئەوا پێشکەوتنەکان و داهێنانەکان لە ئاساتێکی باڵاتر گەشەیان دەکرد. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ٢٥-٢٦) ئەمەش وای لە ئیبن خەلدوون کردووە بەربەرە چۆڵنشینەکان بە گەورەترین مەترسی لەسەر هێز بزانێت، بەوپێیەی پێوەندییەکی پتەو لەنێوانیاندا هەیە، کاتێکیش دەیانەوێت کردارێک ئەنجام بدەن، هەنگاوەکانیان ئامانجدار نییە بەڵکوو زیاتر وێرانکاری و تاڵانکارییە، ئەو هێزانەش کە تاڵانکارن، بێ ئامانج و خاوەن گۆڕانکاری و ستراتیژی مێژوویی نین، ئەوەش دوا خاڵی ترسی ئیبن خەلدوونە لەسەر هێزی بنیاتنان وەکوو گەورەترین یەکەی بەرپرس لە گەشەی هێزی درێژبوویەوەی مێژووی مرۆڤایەتی دێتە ئەژمار. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٦٥-٣٦٦).

نەمانی هێز بەبڕوای ئیبن خەلدوون کاریگەری و لێکەوتەی زۆرخراپ بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەسەرووی هەموویان تاکێکی بێ دەسەڵات و ناجێگیر بەرهەم دەهێنێت و ئەو خاکەی هێز تێیدا نەشونمای کردبوو، دەبێتە مەیدانی وێرانکاری و تاڵان و کوشتوبڕ، ئەو یاساگەلەی سەپاندبووی بۆ جێگیری دادگەری، تاکەکانی هیچ بەهایەکی نامێنێ، حەزی کێبەرکێ و جێگیربوون لەو شوێنە لەناو دەچێت، خەڵکەکە چونکە پاراستنی خۆیان و ماڵ و سامانیان لە چاوی هێز دەبینی، ناچارن خۆیان پارێزگاری بکەن، ئەگەر هاتوو لە توانایاندا نەبوو، ئەوا هەوڵی ڕاکردن دەدەن لە پێناو مانەوەی خۆیاندا. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٥٦-٣٥٧-٣٥٨؛ ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب٢، ٢٦-٣٣-٣٤). دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین، لە دونیای شیکاری بۆ کاریگەریی هێز، هەمیشە ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە هێز بەر لە گرنگیی خۆی و لێکەوتەکانی، مەترسی ئەوەشی هەیە داڕووخانی بەقەد کاریگەری لەسەر گەشەی ئاراستەی دەوروبەر ئەوندەش لە کاتی نەمانی مەترسی بێت لەسەر وێرانبوونی ناوەندی خۆی و دەوروبەر.

باسی سێیەم: جیاوازیی کۆتاییی هێز لە دیدگای مەکیاڤێللییەوە

هەر بوونێک کۆتایی هەیە، ئەمە فۆڕمێکی گشتییە بۆ تەواوی ئەو شتە سروشتی و مرۆییانەی لە جیهاندا دەوریان داوین، کۆتاییی ئەو بوونانەی دەوروبەرمان بۆ خۆیان پێناسەیەکی گرنگ و بەرچاوڕوونییەکی تەواو دەدات بەدەستەوە، ئەگەرچی مەکیاڤێللی یەکێکە لەو بیریارانەی لە هزرەکانیدا بە سەختی بۆ بنیادنانی هێز تێ دەکۆشا نەک وێرانکاری، ناوبراو ئامانجی ئەوە بوو حەتمییەت بۆ ئەم دۆخە دروست بکات، بەڵام لە تێگەیشتنەکانی ڕادەستی بارودۆخێک دەبێت کە هێز خاوەنی کۆتاییە و لەنێو مێژوودا گەڕانی وردی بۆ کۆتاییەکەی کردووە (مەکیاڤێللی،٢٠١٩: ٥٧-٥٨، ١٩٢-١٩٣ ؛ Haikal, Mujahid) ٢٠٢٠: ٩٨). ترسی کۆتاییهاتنی هێز وای کردووە مەکیاڤێللی هەموو هەوڵێک بدات و هەموو ڕێگەیەکی ئەزموونی و ئەقڵی گەنگەشە بکات

لە پێناو دروستبوون و مانەوەی هێزدا، هەرچی ڕێگەیەکی ئاکار و نائاکارییە بە ڕەوای بزانێت بۆ خاوەن هێز، تەنانەت ئەو ترسە بوو بە هۆیەک کە کەسی خاوەن هێز ڕەوایەتی پێ بدرێت سوود لە تەواوی سادەییەکانی کۆمەڵگە وەربگرێت و بەکاریان بهێنێت، لە هەمان کاتدا هیچ مەرج و کۆت و بەندێک لە بەردەمی نەبێت بۆ پاراستن و هێشتنەوەی تاوەکوو لە نەمان و داڕووخان بیپارێزت، ئەو کەسی خاوەن هێز ڕادەسپێرێت بەوەی هەر ڕێگە و شێوازێک لە بەرژوەندیی پاراستن و گەشانەوەی هێز بێ، بەو جۆرە کۆمەڵگە بەکار بهێنێت، کۆمەڵ هێزێکی دیکە بۆ کەسی خاوەن دەسەڵات فەراهەم دەکات کە ئەوان خاوەن جەوهەرن، ناوبراو بە ڕەوای دەزانێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخەکان بەکاریان بهێنت، چونکە لەلای مەکیاڤیللی، هێز پایەی هەبوونە و خاوەنەکەی پایەی بەردەوامبوونە، بۆیە نابێت سڵ لە هیچ بەربەستێک بکاتەوە و لە هیچ دۆخێکدا بهێڵێت مەترسی ئەوندەی لەسەر دروست بێت کە توانای قەرەبووکردنەوەی و هاوسەنگبوونی بارودۆخی نەبێت، ئەمەش لەلای ناوبراو ئەوپەڕی شکۆ و ڕەوایەتییە کاتێک خاوەن هێزێک دەتوانێت کۆتاییی هێز تێک بشکێنێت و مانەوەی مسۆگەر بکات و بیپارێزێت. (مەکیاڤیللی،٢٠١٩: ١١٤-١١٥، ١٥١-١٥٤،١٩٠-١٩٤).

یەکێک لە هەرە مەترسییەکانی هێز لەلای مەکیاڤیللی، پرس و هاوکێشەی هاوتاکانە لە ئاستی سەروەری هێز، ئەم بابەتە بە خاڵێکی گرنگ و جەوهەری دادەنرێت بۆ ئەم هاوکێشەیە کە دەرگەی کۆتاییهاتنی واڵا دەکات و بە هەموو شێوەیەک مەترسی دەخەنە سەر پایەکانی ڕووخانی. کاتێک هاوتاکان خۆیان لەئاست سەرەوە و بە خاوەنی هێز دەبینن، دەستکراوە دەبن بۆ لێدانی زەبری کوشندە لە هێزدا، مەکیاڤیللی ئەوەی بە ئەزموونی مێژوویی خستووەتە ڕوو، بە ڕاشکاوی بە سەروەری هێز ڕادەگەێنێت کە دەبێت هەرچییەکی لەدەست بێت بیکات بۆ یەکلاکردنەوەی هاوکێشەی هاوتاکان، ئەو بابەتە بۆ مامەڵەکردن گەنگەشە هەڵناگرێت، دەبێت بە زوویی و بە زەبری کوشندە لەناو ببرێن، چونکە ئەگەر دەرفەتیان پێ بدرێت و یەک بگرن، دەتوانن ببنە مایەی مەترسیەکی گەورە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٤١، ٨٢-٨٥; ٢٠٢٠:١٠٠-١٠١ Haikal, Mujahid ). بابەتێکی تر کە جەختی لەسەر کردووەتەوە و دەیەوێت لەو ڕێگەیەوە بەر بە کۆتاییهاتنی هێز بگرێت، ئەویش خۆشەویستییە لە نێوان هێز و خاوەنەکەی، بە نەمانی ئەو پایەیە، تەواوی دەرگەکانی کۆتاییهاتنی هێز واڵا دەبن و متمانەی نێوانیان دەچێتە ئاستێک کە نیشانەکانی کۆتاییهاتنی بە ڕوونی بە پایە و پاڵنەرەکانی دیار دەبن، بۆیە هەر کاتێک خۆشەویستی لە نێوان خودی هێز و خاوەنەکەی نەما، ئەوا بەرپێگرتن و پاراستن دەچێتە دۆخێک کە ڕاستکردنەوەی مەحاڵ دەبێت، بۆیە مەکیاڤیللی خاوەنی هێز سەرپشک دەکات، لەوەی هەرشتێک بە گونجاو دەزانێت ڕێگە نەدات ئەم خاڵەی نێوان هێز و خاوەن هێز هیچ زەبرێکی بەربکەوێت. (مەکیاڤیللی،٢٠١٩: ١٢٧-١٢٩)، مەکیاڤیللی لەو باوەڕەدایە ئەم پرسە کۆمەڵێک مەترسی دیکەی ڕووبەڕوو دەبنەوە، چونکە دەرک بە کۆمەڵێک گریمانە دەکات، لە سەرووی هەموویان، ئەو کەسەی سەرکردایەتیی هێز دەکات، بە هەر هۆیەک بێت تووشی کێشە بێت، ئەوا کێشە بۆ خودی هێزەکەش دروست دەبێت، چونکە ئەو لەو باوەڕەدایە ڕاددەی سەرکەوتن و شکستی هێز بەستراوەتەوە بە خودی خاوەن هێزەوە، لەلای مەکیاڤیللی چەندە سەرداری هێز خودان هێزی خودی خۆی بێت، ئەوندەش ڕەنگدانەوە لە هێزی گشتی و ژێردەستەکانی ڕەنگ دەداتەوە، هەر گرفتێکیش لە خاوەنەکەی بێتە پێش، دەبێتە گرفت و مەترسی لەسەر کۆی پرۆسەی هێز.

(مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٤٢؛ جهانبگلو،٢٠٠١: ٦٤) یەکێکی تر لە گەورەترین مەترسییەکانی بۆ داڕووخانی هێز، بریتییە لە باوەڕنەبوون بە جەنگ و فەرامۆشکردنی ئەو لایەنە. تێبینی دەکرێت مەکیاڤیللی بە توندی دژی کەمتەرخەمینواندە لەم پرسەدا، چونکە بڕوای وایە کەسی ئاشتیخواز کاتێک خاوەنداری لە هێز دەکات، ڕاستەوخۆ هەنگاو بەرەو پەلکێشکردنی هێز بەرەو مەرگ دەنێت، بڕوای تەواوی بە ململانێ و ملنەدانە لەپێناو مانەوە، تەنانەت چەندان نموونەی مێژوویش ئەوە دەسلمێنن، مانەوەی هێز پرسێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکوو پرسێکی چارەنوسسازە، بۆیە هەر هۆیەک مەترسی بێت و بەری پێ نەگیرێت، ئەوا کەسی خاوەن هێز هۆکاری سەرەکیی کۆتاییهێنانی دەبێت، لە دیدی مەکیاڤیللی، دۆڕاوەکان هەمیشە ئەوانەن بڕوایان بە ئاشتییە و پشت لە جەنگ دەکەن و گونجاندن لەنێوان هێزی چەکدار و هێزی بێ چەک ناکەن. بە بڕوای ناوبراو، هیچ لۆژیکێکیش لەوەدا نییە هێزی چەکدار ملکەچی هێزی بێچەک بێت. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٤-١١٥؛ أحمد، ١٩٧٩:١٦-١٧).

ناوبراو بە ڕوونی ئاماژە بۆ خاڵی هەرە گرنگی کۆتاییهاتنی هێز دەکات و وەک وێرانکارترین خاڵی کۆتاییهاتن ئاماژەی بۆ دەکات، ئەویش نائاگایی و نابەرپرسیارییەتییە، ئەو خاڵەشی بە سەرچاوەی مەترسیی گەورە وەسف کردووە، پێی وا بووە هێز لە هەر ئاستێکدا بێت، تەنانەت گەر لە لووتکەی بەهێزیی خۆشیدا بێت، پێویستە پێش پارێزگاری لە هێز، ئاگایی و هۆشیاری لەربارەی پێویستبوونی هێز جێگیر بکرێت، ئەو پێی وایە لە کاتی ئاشتیدا دەبێت هۆشیاری ئەوە هەبێت و ئامادەکاری جەنگ کرابێت، چونکە ئەوەی پێی وا بێت ئارامی لێوارەکانی دەریا شتێکی دڵنیاکەرەوە و جێگیرە، ئەوا لە کاتی زریان و لافاو چارەنووسی لەژێر ئاڕاستەکانی زریان دەبێت. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٨٢-١٨٣- أحمد، ١٩٧٩:٢٣) هێز واتا دەوڵەت، لاوازی و کۆتاییی هێز بە مانای لاوازی و کۆتاییی وڵاتە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٥٤) بە بڕوای مەکیاڤیللی، پایەی ڕاگرتنی هێز و پایەداربوون بە بەرزی هێشتنەوەی ئاگاییە لەربارەی مێژوو، چونکە مێژوو حیکمەت و دانایی هێزی هزری مرۆڤە مەزن و خاوەن هێزەکانی لەخۆدا هەڵگرتووە، هەروەها وانەی لەربارەی چییەتی و چۆنیەتی و چەندایەتیی هێز و بەڵگە و هۆکارەکان و ڕابردووی مرۆڤایەتی هەیە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٧ ,j.Holler, Manfred Niccolo Machiavelli on power RMM Vol. ٠, Perspectives in Moral Science, ed. by M. Baurmann & B. Lahno, ٢٠٠٩,:p٣٤١-٣٤٢). گەورەترین گورز کە بەر هێز دەکەوێت، هەر لە ڕێگەی هێزەوەیە، بۆیە ناسینی چییەتیی هێز و چۆنیەتیی بەکارهێنانی و چەندایەتی لە سەپاندن، دەکەوێتە سەر ئەو ئاگاییەی خاوەنی دەربارەی وانە مێژووییەکان دەرکی پێ دەکات و لێیەوە فێر دەبێت. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٣٠-١٣١ أحمد، ١٩٧٩:٢٢-٢٣) بە بڕوای مەکیاڤیللی، هێزی هەمووەکی هەیە کە کاریگەری بە درێژاییی مێژوو لە سەر ئاڕاستەی پێشهاتەکان هەبووە و لەلایەن ئەو کەسانەی بەئاگان سوودیان لێ وەرگیراوە. هێزی یاسا هەرگیز لە بەرانبەر ئەو هێزە هەمووەکییە سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە ئەو خاوەنەی سوود لە هەردوو هێزەکە وەردەگرێت، دەتوانێت بە ئاسانی پێشهاتەکان لە بەرژوەندیی خۆی بگۆڕێت، خەڵکییش هەم کەرەستەی پتەوکردنی هێزەکەی بن، هەمیش گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری بن. (مەکیاڤیللی ١٣١-١٣٢- ١٣٣ j.Holler, Manfred, Niccolo Machiavelli on power RMM Vol. ٠, Perspectives in Moral Science, ed. by M. Baurmann & B. Lahno, ٢٠٠٩,p٣٤٤-٣٤٥) مەترسییەکی دیکەی کۆتاییهاتنی هێز ئەوەیە، کاتێک هێزێک لەگەڵ هێزێکی لە خۆی گەورەتر و بە تواناتر

یەک دەگرێت، ڕاستەوخۆ ئاوێتەبوون و چوونە ژێر کاریگەری ڕوو دەدات، ئەوەش لە زۆربەی بارەکاندا دەبێتە هۆی پووکانەوەی هێزەکە. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٦٧؛ Haikal, Mujahid) ٢٠٢٠:p١٠٠- ١٠١)

هێز خاوەن پایەیەکی گرنگ و بایەخی ژیاری مرۆڤایەتی بووە، وەکوو دەستپێکی بنیادنان و مانەوەی کرۆکی پێشکەوتنەکانی مرۆڤ لێک دراوەتەوە، تەنانەت بە سەرچاوەی پاراستن و کۆبونەوەی کۆمەڵەمرۆییەکان دانراوە، بۆیە هێز بە تەنیا بابەتێکی سادە نەبووە، بەڵکوو پێوەندیدارە بە تەواوی هۆی ژیاریی کۆمەڵگە، ئەوەش وای کردووە، جێگەی بایەخی بیریارانی فەلسەفە و فەلسەی مێژوو بێت.

**باسی چوارەم: لێکەوتەکانی نەمانی هێز لە ڕوانگەی ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللییەوە**

لێکەوتە و کاریگەرییەکانی نەمانی هێز، دروستبوونی هەمان بۆشاییە کە تێیدا مرۆڤ بەشێکی زۆر لە بەهاکان و دەستکەوتەکانی لەدەست دەدەن، پشێوی بڵاو دەبێتەوە و گورزی هەرە کوشندە بەر بنیادنان و یەکە بە یەکەی پایەکانی شارستانییەت دەکەوێت، ئەو بەرکەوتنانەش شتێکی کاتی نین، بەڵکوو کاریگەری و لێکەوتەی مەودادرێژ بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەوانەی ڕاگری پایەی شارستانییەتن، هەموویان دووچاری ئیفلیجبوون دەبن، ئەوانەشی کە گیانی کێبەرکێ و داهێنانیان لەناو شارستانییەت لە ئەستۆ گرتبوو، دڵنیایی لەدەست دەدەن. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ٩٧-٩٩) نەمانی هێز، یەکێک لە لێکەوتە هەرە قورس و کاریگەرەکان کە بەسەر کۆمەڵگە جێی دەهێڵێت نەمانی پەروەردەیە، کە دواجار چەندان نەوەی دەوێت تاوەکوو بتوانن پەروەردە و دووبارە هێزی لەسەر بنیاد بنرێتەوە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦:ب١، ٣٧٣-٣٧٤).

لێکەوتەکانی ئەوندە دوورمەودا و وێرانکەرن، دەتوانرێت وەک کۆتاییهاتن و نەمانی بنەچەکانی دروستبوونی هەر ڕەگەزێک لێک بدرێتەوە، نەک تەنیا پرسێکی سیاسی و دەسەڵاتداری و پەروەردەیی بێت، چونکە گورزی کوشندە لە بەرزترین پایەی ڕاگری کۆمەڵگە دەدەن، ئەویش کولتوورە، لێکەوتەکانی مەودادرێژ و زیندوون. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٨٤-١٩٤). هەروەها ڕەنگدانەوەی لەسەر کۆی پرۆسەی بنیاتنانش دەبێت، تەنانەت پاڵنەرەکانی پشت هێز، دەبن بە پاڵنەرەکانی پاراستن و مانەوە لە ژیاندا، کاتێکیش یاسا نەما، واتای نەمانی هێزە، نەمانی هێزیش داڕووخانی یەکەی سیاسییە، ئەم داڕووخانەش گورزێکی هەرە کوشندەیە کە کرۆکی شارستانییەت بەری دەکەوێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ١٠٠-١٠٢). ڕەنگدانەوەشی مەودادرێژ دەبن لەسەر ناوەندی شارستانییەت، بە تایبەت ئەگەر هاتوو هێزی نوێ، هێزی تاڵانکاری بێت، هەمیشە ترسی ئیبن خەلدوون لە کۆتاییهاتنی هێز لەو بارودۆخە بووە، کە لەدوای لاوازبوونی هێز دەست پێ دەکات، لێکەوتەکانی سەدان ساڵ بەرۆکی شارستانییەت دەگرێتەوە و لە زۆربەی بارودۆخەکانیشدا لێدانی قورس و وێرانکەر بە ئاوەدانی و شارستانییەتی مرۆڤایەتی دەگەیێنێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ٩٠-٩١، ٩٩، ١٧٢). ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللی هاوڕان لەسەر ئەوەی یەکێکی دیکە لە کاریگەریی نەمانی هێز کە ڕوو لەو ناوچانە دەکات و هێزی نوێ دەستی بەسەردا دەگرێت، گۆڕانکاری لە سروشتی پێکهاتەی شوێنە، ئەمە وەک و چەکێکی کاریگەری هەموو هێزەکان بەکار هاتووە. مێژوو ئەوەی بە لێکەوتەیەکی قورسی دوای نەمانی هێز زانیووە، بەوەی هێزی نوێ هەمیشە دەیەوێت لە

هیچ لایەنەک دەرفەت بۆ ڕاگر و دروستکەرانی هێزی پشوو نەڕەخسێنێت، بۆیە تێکدانی هاوسەنگی، پێکهاتە لە ناوەندی هێزی کۆن، هەروەها سڕینەوەی هەموو شوێنەوارێکی و ئەوەشی خاوەندار و پێکهێنەری بووە لە ڕەگەوە پەلکێش دەکرێن، زۆر جاریش خاوەنی هێزی نوێ پێگەی خۆی دەگوازێتەوە ئەو شوێنەی کە هێزی کۆن بە ناوەند و بارەگای خۆی زانیبێت، ئەو لێکەوتەیەش کە هێزی نوێ دەیسەپێنێت، زۆر بە خراپی ڕەنگدانەوەی بەسەر کۆمەڵگەدا دەبێت. (ئیبن خەلدوون: ٢٠١٦: ب٢، ٢٩- ٣١، ١٠٢؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٣٠- ٣١، ٤٨-٤٩) لە مێژوودا ئەوە سەلمێنراوە کە سروشتی گوزەران و شوێنی ژیان، تێگەیشتینی مرۆڤ بۆ ژیاری و دەورووبەر دیاری دەکات. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٤٣؛ ابن الفقيه، ٢٠٠٩: ٥٧؛ القزويني، د.ت: ٧-٨؛ المسعودي، ١٩٨١ :ب١، ٥٥) هەرکاتێک هێز نەما گەشانەوە دەگۆڕێت بۆ دواکەتن و پووکانەوە، خەڵکییش تەنیا گرنگی بە شتە پێویستییەکان دەدەن و کێبەرکێ لەناو دەچێت، بەرەبەرە شار یاسای تێدا کەم دەبێتەوە یاخود بێ کاریگەر دەبێت، ژیانی کۆچ و کۆچەری گەشە دەکات و شارەکانی لەم جۆرەش ژیان تیایاندا کەم و بێبایەخ دەبێت. (ئیبن خەلدوون: ٢٠١٦: ب٢، ١٧٢-١٧٣)، ئارەزووی گەیشتن بەهێز و بەدەستخستنی پایە، هەستێکی هاوبەشی مرۆڤایەتییە، کاتێک هێزێک توانای کێبەرکێی نامێنێت، ئەوا هێزەکانی دیکە هەمیشە لە کێبەرکێدان کە نەهێڵن هێزی هاوسێیان گەشە بکات و هەمیشە هەوڵی لاوازکردنی دەدات، ئەوەش وەک لێکەوتەیەکی دوورمەودا بەرۆکی هێز دەگرێت. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٣٢- ٣٨) واتا جەنگ و کێبەرکێی نێوان هێزەکان شتێک نییە خۆی لێ لابدرێت، بەڵکوو ڕوودانی شتێکی حەتمییە، ئەو ڕوودانە کاریگەری و لێکەوتەی مەودادووری دەبێت لەسەر ئەوکۆمەڵگایە کە دواجار ناچارن هێزی نوێ بەگەورە لەسەر خۆیان ببینن، ئەمەش ڕاستەخۆ لێدان و بچووککردنەوەی خۆیانە کە لە بەرژوەندیی هێزی نوێ کۆتایی دێت. (مەکیاڤیللی: ٢٠١٩: ٤٠-٤١)، سەبارەت بە لێکەوتەکانی نەمانی هێز، هەردووکیان لە زۆرینەی بۆچوونەکاندا هاوڕان، بە تایبەت لەسەر کاریگەرییەکانی داڕووخانی هەیکەلی هێز و لێکەوتەی لەسەر بچووکترین یەکەی کۆمەڵگەدا، چونکە هەرچی گەشەیە و هەرچی پووکانەوەشە لەم دەزگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە کرۆکەکەی هێزە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب٢، ١٧١-١٧٤؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٦٨) کاتێک هێز نامێنێت، ستەمکردن سەر هەڵدەدات و بەری پێ ناگیرێت، چونکە یاسایەک لەگۆڕێدا نییە، بۆیە ستەملێکردن لە بێیاسایی و بێهێزی دەبێتە دۆخێکی تاڕادەیەک باو، بێیاسایی کاریگەری مەودادرێژ لەسەر خودی بنیادنەری هێز و خاوەنی ئامانجیش جێ دەهێڵێت، خەڵکی متمانەیان بەرانبەر هەموو کەس لاواز و بەرەو نەمان دەچێت. (ئیبن خەلدوون: ٢٠١٦: ب١، ١٩٣- ١٩٥؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٨٦). لە بارودۆخێکی ئەوهاشدا، پەرتبوون لە پایەکانی درووستبوونی هێز ڕوو دەدات و خەڵکیش ناتوانن بە دوای یەک ئامانج و یەک کەسی خاوەن هێز بکەون. (مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ٨١) تەنانەت ئەوانەی پێشوو خاوەنداریی هێزیان کردووە، کاتێک کەمتەرخەمییان کردووە لەبواری ئامادەکاری بۆ بەرگەگرتن لە کۆتاییی هێز، بە سووک و ناشرین و ناوزڕاو لە مێژوودا تۆمار دەکرێن، کە خۆشەویستی و متمانەی خەڵک بۆ خاوەن هێز و ئامانج ناهێڵێت. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٥٢- ٣٥٧؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١١٥). یەکێکی تر لە لێکەوتە خراپەکانی کۆتاییی هێز ئەوەیە، هێزی نوێ دووبەرەکی لە نێوان شارەکان دروست دەکەن، بۆ ئەوەی بتوان لە دەوری یەک خاوەن هێز و یەک ئامانج کۆببنەوە. (ئیبن خەلدوون، ٢٠١٦: ب١، ٣٧٨-٣٨٥، ٤١٧؛ مەکیاڤیللی، ٢٠١٩: ١٥٣٩).

## ئەنجام:

١- هێز و مێژوو، خاوەن ئاگایی و حیکمەتێکی زیندووی بەردەوام و خاوەن کاریگەرین لە بارەی کۆی پرسەکانی داهاتوو و هەبوونی هەر پێشهاتێک. دەکرێت بە چاوێکی زانستییانە لێوردبوونەوەیان لەبارەوە بکرێت و پایەکانی گۆڕانکاریی ژیاریشییان لەسەر دابڕێژرێن، بەهۆی ئەو بۆچوونانەی ئەوان دەریان بڕیون تاوەکوو ئێستەش چەندان وانەی پڕئاگایی و دانایی و حیکمەتیان لەناو تیۆرەکانیان وەکوو گەنجینە بۆ خوازیارانی ئاگایی هەڵگرتووە.

٢- لە ڕێگەی پەیوەندیی نێوان مێژوو و هێزەوە، پەیوەندی و پاڵنەرەکانی پشت هێزمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە هۆیەکی گرنگی زانستیبوونی مێژوو، هەروەها پەیوەندیی گرنگی هێزیش بە مێژوو ئاشکرا دەبێت لەوەی پرسە ماددییەکان بە تەنیا پاڵنەری هێز نین، بەڵکوو بابەتە مرۆییەکانیش پاڵنەرێکی بنەڕەتیی پشت هێز و مێژوون و بە پێچەوانەوەش.

٣- نەمانی هێز ئەوندەی بە تێگەیشتنێکی پڕ لە ترس لە ڕوانگەی ئیبن خەلدوونەوە نووسراوە، بەهۆی هەبوونی پێویستیی هێز ترس لە پێشهاتەکانی نەبوونی هێز ئەمە جێگەی زۆر بە ڕوونی بەهزری ئیبن خەلدوونەوە دیارە، وەک تێبینی دەکرێت ئەو کۆی پرۆسەی بونیادنان لەناوچوون بە هێزەوە پەیوەست دەکات، نەمانی هێز یەکسان دەکات بە نەمانی بنیاتنان و سەرهەڵدانی جیهانێکی بێیاسا و بێسنووری ئاکاری.

٤- مەکیاڤیللی نەمانی هێز بە ئیفلیجبوونی وڵات و کەرامەتی ئەوانەی پێکهێنەری هێز بوون لێک دەداتەوە، هێز بە گرنگترین پایەی ڕاگرتنی وڵات و خاوەن هێزیش بە خاڵی باڵا و کۆتایی لە بەرپرسیارییەتی دادەنێت، بۆ پارێزگاری بەبێ گوێدانە هیچ مەرجێک، هەموو ڕێوشوێنێک بە ڕووی خاون هێز کراوە دەبێت بۆ پاراستنی هێز.

٥- ئیبن خەلدوون و مەکیاڤیللی لە بارەی لێکەوەتەکانی نەمانی هێز هاوڕاییەکی زۆر لە بۆچوونەکانیاندا هەیە، بەوپێیەی هەردووکیان نەمانی هێز بەنەمانی بنیاتنان و نەمانی دەسەڵاتی داهێنەران و کەمبوونەوەی گەشەی داهێنان دەزانن.

## پەراوێزەکان:

(١) وەکوو المتين(الأعراف:١٨٣؛ القلم:٤٥؛ الذاريات:٥٨) و وشەی (الشديد) هەمان واتای وشەی(القوة)دەدات بەدەستەوە لەبیست و پێنج شوێنی جیاواز لە قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە(البقرة:١٦٥-١٩٦-٢١١؛ آل عمران:٤-١١؛ المائدة:٢-٩٨؛ الأنعام:١٢٤؛ الأنفال:١٣-٢٥-٤٨-٥٢؛ هود:٨٠-١٠٣؛ الرعد:١٣؛ ابراهيم:٢؛ الإسراء:٥؛ الحج:٢؛ المؤمنون:٧٧؛ النمل:٣٣؛ سبإ:٤٦؛ فاطر:٧-١٠؛ غافر:٣؛ ص:٢٦) وشەی (غليظ) هاو واتای (القوة)یە لە نۆ شوێن هاتووە(التحريم:٦؛ فصلت:٥٠؛ لقمان:٢٤؛ ابراهيم١٧؛ هود:٥٨؛ آل عمران:١٥٩؛ الأحزاب:٧؛ النساء: ١٥٤-٢١) بەهەمان شێوە (الثقيل) لە نۆ شوێن هاتووە کەواتای(القوة) دەدات(الزلزالة:٢؛ الرحمان:٣١ ؛العنكبوت:١٣؛ النحل:٧؛ الرعد:١٢؛ التوبة:٤١؛ الأعراف:٥٧؛ الانسان:٢٧؛ المزمل:٥) هەریەک لە وشەی(الصلد) یەکجار لە(البقرة:٢٦٤)ە و وشەی (الشوكة)یش یەکجارلە(الأنفال)هاتووە هەمان واتای (القوة)ی هەیە( الأنفال:٧)، وشەی (مكين)چوارجار و (يوسف:٥٤؛ المؤمنون:١٣؛ المراسلات:٢١؛ التكوير:٢٠) (البأس) بیست و پێنج جار هاوماناي(القوة)یە، (البقرة:١٧٧-٢١٤؛ الأحزاب١٨؛ النساء٨٤؛ الأنعام:٤٢-٤٣-٦٥-١٤٧-١٤٨؛الأعراف:٤-٥-٩٤-٩٧-٩٨؛هود:٣٦؛ يوسف :٦٩-١١٠؛النحل:٨١؛ الإسراء:٥-الكهف:٢؛ الأنبياء:١٢-٨٠؛ النمل٣٣؛غافر٢٩-٨٤) وشەی(الأيد) کە هەمان واتای وشەی(القوة)یە

دوجار هاتووە (ص:١٧-٤٥) (العزة) نۆ جارو (ص:٢-٨٢-الشعراء:٤٤-المنافقون:٨-الصافات:١٨٠-فاطر:١٠-يونس:٦٥-النساء:١٣٩؛ البقرة :٢٠٦) (الأزر)دوجار و (الفتح:٢٩-طه:٣١) (البطش) حەوت جار هاتووە (البروج:١٢؛ الأعراف:١٩٥؛ الشعراء:١٣٠؛ القصص:١٩؛ الزخرف: ٨؛ الدخان: ١٦؛ ق: ٣٦)وە وشەی (اليمين) لەچەندان شوێن بەمانای (القوة) هاتووە (الصفات:٢٨؛ الحاقة: ٤٥) کۆی گشتی ئەو وشانەی کە لە قورئاندا بە هاو واتای (القوة) هاتوون ژمارەیان دەگاتە ١٢٦جار کە لە زمانی کوردیدا بەمانای هێز و توانایی دێن.

(٢) لە( التكوين:١/ ١-٢؛ المزامير:٢٣/ ١-٢؛ ارميا: ٢٩/ ١١؛ يوحنا: ٣/ ١٦؛ فليببي: ٤/ ١٣؛ المزامير: ٤٤/ ٣؛ رومية: ١/ ٢٠؛ كولسي: ٢/ ٩-١٠؛ تيموثاوس الثاني: ١/ ٢؛ الجامعة: ٤/ ١٢؛ اخبار الاول: ٢٩/ ١٢؛ اشعيا: ٤١: ٤؛ أيوب: ٣٧؛ ٢٣؛ بطرس الثاني: ١/ ٢؛ رومية: ١/ ١١-١٢؛ زكريا:١٠/ ٦؛ لوقا: ١/ ٣٥؛ مرقس: ١٢: ٣٣؛ اشعيا: ٤١/ ١٠؛ اشعيا: ٤٠/ ٣١؛ اشعيا: ٤٠/ ٢٩؛ المزامير: ٧٣/ ٢٦؛ فليبي: ٤/ ١٣؛ كورنثيوس الثاني: ١٢/ ١٠؛ المزامير : ١٨/ ١-٢؛ تيموثاوس الثاني: ١/ ٧؛ اخبار الاول: ١٦/ ١١؛ سيكالونيكي الثاني: ٣/ ٣؛ كرونثس الاول: ١٦/ ٣؛ المزامير: ٥٩/ ١٦؛ المزامير: ٢٨/ ٧؛ ارميا: ٣٢/ ١٧؛ حبقوق: ٣/ ١٩؛ افسس:١٦/ ٣؛ افسس: ٣/ ٢٠-٢١؛ العبراينين، ٤/ ١٢؛ زكريا: ٤/ ٦؛ كرونيسوث الاول: ١/ ١٨؛ كرونيسوث الثاني: ٩/ ١٢) الكتاب المقدس، دار الكتاب المقدس(مصر:١٩٩٩)،

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی


- ئیبن خەلدوون، عبدلرحمان،(٢٠١٦)، مقەدیمەی ئیبن خەلدوون، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی: سعید بەشیر، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- ئیبن خەلدوون، عبدلرحمان،(٢٠١٦)، مقەدیمەی ئیبن خەلدوون، بەرگی دووەم، وەرگێڕانی: سعید بەشیر، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- جهان بگلو، ڕامین(٢٠٠١)،مەکیاڤیللی و بیری ڕێنسانس، وەرگێڕانی: مسلیح ئیروانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- خاڵ، شێخ محەمەد(٢٠٠٥)فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- دیورانت، ویل(٢٠١١)، مێژوو و شارستانییەت، وەرگێڕانی: عبدلله ڕەسولی، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
- سارتەر، جان پۆل، (٢٠٠٤)بونگەراییی فەلسەفەی مرۆڤایەتیە، وەرگێڕانی: ڕۆشنا ئەحمد رەسول، چاپخانەی چاپ و پەخشی سەردەم،هەولێر.
- کاری، ئێچ(٢٠٠٥)، مێژوو چیە، وەرگێڕانی ئاسۆس محمد، چاپخانەی موکریان، هەولێر.
- کەمال، محمد(٢٠٠٤)، بوون و داهێنان، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
- عبدول، مەریوان(٢٠٠٨)، فەلسەفەی مێژووی لای شپینگلەر، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- عبدولسلام، عیماد(٢٠٠٥) کانت، وەرگێڕانی: پەژار عبدالحمید، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
- مەکیاڤیللی، نیکۆلا،(٢٠١٩) میر، وەرگێڕانی: بەختیار ئەحمد ساڵح، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.
- مەلاح، هاشم یەحیا،(٢٠١١) دەروازیەک لە فەلسەفەی مێژوو، وەرگێڕانی: دەوەن حسن، چاپخانەی ڕۆژ هەلات، هەولێر.

## دووەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان

### - بە زمانی عەرەبی


- آبادى، مجد الدين أبو طاهر محمد بن يعقوب الفيروز(٢٠٠٨)، (ت:٨١٧هـ، ١٤٥١م) القاموس المحيط، راجعه: أنس محم الشامي، دار لحديث، القاهيرة.
- آثار البلاد واخبار العباد، دار صادر(بيروت: د.ت).
- اندرية، بون، فردريک، اخرون(١٩٨٨)مدخل الفلسفة المعاصر، ترجمة: خليل احمد خليل، دار الطيعة، بيروت.
- ابن الفقيه ابو عبدالله أحمد بن محمد( ت: ٣٢٠هـ/ ٩٣٢م)
- ابن منظور، محمد بن مكرم بن على، أبو الفضل، جمال الدين ابن منظور الأنصاري الرويفعى الإفريقى (ت ٧١١هـ/١٣١٢م)،(بدوسنه) لسان العرب التحقيق:عبدالله علي، دار المعارف، القاهيرة.
- ابن عاشور ، محمد الطاهر التحرير والتنوير ، ( بيروت: ٢٠٠٠م) ج١٠
- الجرجاني، محمد شريف(١٩٨٥)، كتاب التعريفات، مكتبة لبنان، بيروت.
- الشمرى، نهلة صبار(٢٠١١)، القوة والتخطيط الاستراتيجى واثرهما مكانة الدولة عالميا (الامارات العربية المتحدة انموذا) قسم العلوم السياسية كلية الاداب والعلوم جامع الشرق الاوسط اشراف الاستاز الدكتۆر احمد سليم البرصان.
- (الراغب الأصفهاني ، أبو القاسم الحسين بن محمد بن المفضل(٢٠٠٤)، ت ٥٠٣ هـ : معجم مفردات ألفاظ القرآن، دار الكتاب العلمية، بيروت.
- القزويني، زكريا بن محمد بن محمود (ت: ٦٨٢هـ/ ١٢٨٣م)
- المسعودي، علي بن الحسين (ت: ٣٤٥هـ ٩٥٧م).
- مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار الاندلس (بيروت: ١٩٨١)
- عمر، عمر الحضرمي (٢٠١٣)، الدولة الصغيرة : القدرة والدور، مجلة المنارة للبحوث والدراسات- مجلد ١٩- العدد ٤- (٣٧-٨٧).
- الهادي، يوسف(٢٠٠٩)، كتاب البلدان،عالم الكتب، بيرو.
- التهانوي، محمد علي : كشاف اصطلاحات الفنون والعلوم، تحقيق : د. علي دحروج ، (بيروت:١٩٩٦).


## سێیەم: کتێب بە زمانی فارسی:


- شرفكندى، عبدالرحمن(١٣٦٩) هەنبانە بۆرينە فرهنگ كردى- فارسى هەژار،چاپ اول، چاپخانە سروش، تهران.


## چوارەم: کتێب بە زمانی ئینگلیزی


- Holman, Christopher (2018) Machiavelli and the Politics of Democratic Innovation University of Toronto Press Toronto Buffalo London.
- Leonid E. Grinin, Dmitri D. Beliaev, and Andrey V. Korotayev, Hierarchy and Power in the History of Civilizations:
- ÖNDER, Murat& ULAŞAN, FATİH IBN KHALDUN'S CYCLICAL THEORY ON THE RISE AND FALL OF SOVEREIGN POWERS:
- THE CASE OF OTTOMAN EMPIRE, ADAM AKADEMİ, 8/2 2018

**پێنجەم: نامەی ماستەر بە زمانی عەرەبی**

- سعيد، دهمي، في الحضارة الإلنسانية إسهاماته مظاهر الثق افة السومرية (٤٥٠٠قبل ميلاد ١٩٠٠قبل ميلاد) ريسالة ماجستر، جاميعة ابن خلدون، ٢٠٢٢-٢٠٢٣.

**شەشەم: گۆڤار بە زمانی کوردی**

- احمد، كمال مظر(١٩٧٩)، وردبوونەوەیەکی مێژوویی دەربارەی مەکیاڤیللی مەکیاڤیلیزم،و: حسين عارف، آفاق العربية، گۆڤار، ژمارە(٦).

**حەفتەم: گۆڤار بە زمانی عەرەبی**

- الجبوري، علي محمد(٢٠١٤) علم الجتماعي التاريخي وأثره في العيلاقات الدولية، Tikrit Journal For Political Sciences.

**هەشتەم: گۆڤار بە زمانی ئینگلیزی**

- Bakare, K.A(٢٠٢٠) the Machiavellian boss, abrief on corporate machiavelli, Global Journal of Political Science and Administration Vol.٨, No.٥, December.
- Political Aspects of Modernity (may ٢٠١٠), Journal of Globalization Studies.
- Filippo, del lucchese (٢٠١٧), Machiavelli and constituent power: The revolutionary foundation of modern political thought, European Journal of Political Theory, Vol. 16(1)
- Haikal, Mujahid, (2020) Ethics and Power: Niccolo Machiavelli's thoughts on Ethics and Power in Politics, International Journal of Politics and Sociology Research, ٨(٣).
- Luma Fayez Alsalah, The power of Language: An Exploration of wisdom, Arabian Gulf University, Volue 7, ISSUE 2, 2019.
- Sulastri, Neneng (2019) the concept of state and government in IBN THE KHALDUN'S thought, International Journal of Nusantara Islam Vol. 07 No. v 02.
- Shahidipak, MohammadRaza (2022), State science, political sociology of state by Ibn Khaldun and reversal of Webber opinion ، Sociology International Journal ، Volume 6 Issue 5.
- Storig, Hans Joachim (1961), kleine Weltgeschicte der philosophie. Stuttgart.

**نۆیەم: سایت و پێگەئەلکترۆنییەکان:**

- عالم، عبدالرحمن(١٣٩١)، بنيادهای علم سياست، كتابخانه ملى ايران، تهران.

https://rasekhoon.net/article/show.

- ايوب، واوجا ،الجزيرة، ٢٠١٩/٤/٢٣

https://www.aljazeera.net/blogs/٢٠١٩/٤/٢٣/.


**الملخص:**

لقد شكلت نهاية القوة موضوعا مهما في فلسفة التاريخ عند مفكرين وفلاسفة هذا المجال، في العصور

القديمة والحديثة بين الشرق والغرب وكل الحضارات المختلفة. ابن خلدون ومكيافيلي باعتبارهما مفكرين بارزين في أواخر العصور الوسطى وبدايات العصر الحديث قدما رؤى متميزة تتعلق بعلم التاريخ وخصوصا فهم مسألة القوة ونهايتها وتأثيراتها وتداعياتها.في هذا السياق تتناول هذه الدراسة نقاشا حول القوة والتاريخ، وخاصة نهاية القوة، وآثارها وتداعياتها المختلفة من خلال منظور هذين المفكرين. تنقسم هذه الدراسة إلى مدخل وأربعة محاور رئيسية، المدخل: يتناول تحليل مفهوم القوة بشكل عميق، المحور الأول: يركز على العلاقة بين القوة والتاريخ.المحور الثاني: يستعرض رؤية ابن خلدون لنهاية القوة.المحور الثالث: يسلط الضوء على تحليل نهاية القوة من وجهة نظر ميكيافيللي.في المحور الرابع والأخير، نتناول تأثيرات وتداعيات القوة من منظور ابن خلدون وميكيافيللي، حيث نخضع هذه الرؤى للتحليل والمراجعة. ومن خلال أفكارهما، نحاول الوصول إلى فهم أعمق حول مفهوم نهاية القوة وتأثيراتها وتداعياتها المستقبلية على الواقع الراهن.

الكلمات المفتاحية: ابن خلدون، ميكيافيللي، التاريخ، نهاية القوة.

**The End of Power in the Thought of Ibn Khaldun and Machiavelli**

**Abstract**

The end of power has been an essential topic in the field of the philosophy of history for a long time by different civilizations from the East and the West. Ibn Khaldun and Machiavelli have been considered as two of the intellectuals of the middle and modern ages. Indeed, their views are highly valued in the field of history in general and power along with its impacts in particular. It is henceforth necessary to shed light on this phenomenon by investigating on the concept of power, its history as well as its consequences according to the views of these two intellectuals. This study consists of four sections the introduction defines the concept of power in detail. Section one identifies the relationship between power and history. Section two approaches the concept of power according to Ibn Khaldun's views, while section three looks at the same phenomenon according to Machiavelli's. Section four, which is the conclusion, is concerned with the impacts of power according to these intellectuals' perspectives as well as their various influences.

**Key Words**: Ibn Khaldun, Machiavelli, History, End of Power..